## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٢٨٢) لە ٢٠٢٥/٦/١٨

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی ناوخۆ بە ژمارە (١٨٣٠٩) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٦/١١، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٥٤) لە ٢٠٢٥/٦/١٨، و دوابەدوای هەردوو بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٤٨) لە ٢٠٢٤/٣/٢٧ و ژمارە (٢٧٨) لە ٢٠٢٥/٣/١٩، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. درێژکردنەوەی ماوەی کارکردن بە بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٧٨) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٣/١٩ تایبەت بە لێخۆشبوون لە ڕێژەی ٢٠% (لە سەدا بیست) لە سزای سەرپێچیی هاتووچۆ بۆ شەش مانگی دیکە لە ٢٠٢٥/٧/١ تا ٢٠٢٥/١٢/٣١.

٢. گشت وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**